عەبدولقادر عەلی مەردان:
کەسێک پاڵپشتم بووایە، لە هونەری شێوەکاریدا زۆر پێش دەکەوتم.. کە خەریکی نەخشەکێشانیش بووم، سەلیقەی ڕۆژنامەوانی فریام کەوت.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٣ - ٤)

* عەبدولقادر عەلی مەردان کە کۆڕی گەورەی هونەرمەندی بەناوودەنگی کورد، ئوستادی مەقامات (عەلی مەردان)ـە، هەر لەگەڵ فامی کردووەتەوە باوکێکی هونەرمەندی ناسراوی دیوە، بۆیە لە کاریگەرییەکانی کەسێتی و هونەری ئەو باوکە بە دوور نەبووە، منیش لەوەتەی لەناو دنیای ئەدەبیات و ڕۆشنبیریدا چاوم کردووەتەوە، ئەم پیاوە ماندووەم لە ناوەندی ڕۆژنامەوانی و هونەر و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریدا بینیوە و ناسیوە. یەکەم جار لە بەغدا دیتم، ئەوسا چۆنم دیوە، ئێستاش هەروەک خۆی ماوەتەوە، پیاوێکی هێمن و لەسەرەخۆ، کەمدوو، دەم پاک و داوێن پاک و دڵسۆز، عاشق و جیددی بۆ کارەکەی، ئەگەرچی دەرچووی هیچ خوێندنێکی ئەکادیمیی تایبەتمەند و بەرز نەبووە، بەڵام زۆر بە جوانی و بە وردی سەری بەسەر ئیشەکەی خۆیدا شۆڕکردووەتەوە و دوای سااڵنێکی زۆری کارکردن، بووەتە خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکەبووی گەورە، پاش ڕاپەڕینیش کە بە یەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان، خزمەتێکی زۆری بە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی کردووە. لە بواری دیزاینی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بەردەوام سەرقاڵی هونەرکارییە و جێ پەنجەی بەسەر بزاڤی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنییەکانەوە دیار بووە.

* ئەو کاتەی لە بەغدا بوو، لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، دواتر دەزگای ڕۆشنبیریی و باڵوکردنەوەی کوردی فەرمانبەر بوو، کە ناسیم سەردانی ئەو دوو دەزگایەم دەکرد، سەرم لێ دەدا و دەمبینی سەرقاڵی کارکردنە، ئەنکێتی ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێکی لەسەر مێزەکەی بەردەمی هەڵخستووە و خەریکی دیزاین کردنیانە، ئەو سەردەمە وەک ئەمڕۆ

نەبوو بەهۆی بەرنامە پێشکەوتووەکانی کۆمپیووتەر و فۆتۆشۆپەوە بە ئاسانی ئەو کارە بکرێ، بەڵکوو دوای ئەوەی نووسینەکان تایپ و هەڵەبڕییان تەواو دەبوو، بەستوونی باریک پارەکێشران و دەخرانە سەر کاغەز، ئەو بە مەقەست دەیبڕین و بەدەست بەسەر ئەو ئەنکێتەی بەردەستی خۆی دابەشی دەکردن و بە (پێوەلکاندن- لصق) ئەو لاپەڕەی ئەنکێتانەی پڕ دەکردەوە، ئەمەش کارێکی زەحمەت بوو، بە هەموو کەس نەدەکرا، ئارامی و پشوودرێژی و سەلیقە و هونەر و وردەکاری دەویست، بۆیە لەو قۆناغەی کاری ڕۆژنامەگەریدا، ڕۆژنامەنووسیی کوردی قەرزاری ئەو پیاوەیە.

* سەرەتا هەر بەڕێکەوت بەسەر کاری دیزاینەدا کەوتووە، ئەوەش کاتێک لە ساڵی ١٩٥٥ کە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووە، ڕۆژێک بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بە پۆلەکاندا گەڕاوە و باسی دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی بۆ قوتابییەکان کردووە، لە پۆلەکەی ئەواندا کە داوای لێ کردوون ناوی خۆیان بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی سەر دیوار بنووسن، بێجگە لە خۆی و هاوڕێ وێنەکێشەکەی تەنیشتی و هاوپۆلێکی دیکەیان، کەسی دی ناوی خۆی نەنووسیوە، هەر لەو یەکەم هەنگاوەوە هەوڵی داوە بیرۆکەی نوێ بخاتە گەڕ و ئیشێکی نوێ بکات، بۆیە لەجیاتی ئەوەی بڵاوکراوەکە هی سەر دیوار بێ، کارەکەی بە جۆرێکی دی، بە ستێنسڵ و قەڵەمەکەی جێبەجێ کردووە، واتە بەشێوەی ناملکە بووە. کە بڵاوکراوەکەیان تەواو دەکەن، سەرنجی بەڕێوەبەرەکەیان ڕادەکێشێ و ڕیکلامی دەرچوونەکەی بۆ (٣) ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەو سەردەمە دەنێرێ بە ناوەکانی: (ئەلزەمان، ئەلڕەئی، ئەلعەمەل)، کاتێک هەواڵەکە و ناوەکانیان بڵاو دەکرێتەوە، ئەوەندەی دی عیشقی کاری هونەری دەبێ و دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆی تا لە داهاتوودا لەسەر ئەو حەز و خولیایە بەردەوام بێ.

* عەبدولقادر عەلی مەردان لە تەمەنی (٧) ساڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن، سەرەتا لە

ئازاد عەبدولواحید- عەبدولقادر عەلی مەردان

گەڕەکی (گەهوەت شوکر) چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی و لە قوتابخانەی (ئەلتەسابیل) پۆلی یەک و دوو دەخوێنێ، باوکی پاکەتی جگەرە و شقارتەی بۆ پاسەوانی قوتابخانەکە کڕیوە تا لە قوتابخانە چاوی لێ بێت، ڕانەکات و نەگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە زۆر لە قوتابخانە و قوتابییەکان ترساوە، ئەوجا بۆ پۆلی سێ و چوار چووەتە قوتابخانەی (ئەلموستەقبەل)، دوایی لە قوتابخانەی (الرصافة الثانية) پۆلی پێنج و شەشی تەواو کردووە. بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی کۆڵ نادات، ساڵی ١٩٦٠ بە مەبەستی خوێندن، لە قۆناغی ناوەندی تێهەڵچووەتەوە، دوای تەواوکردنی ناوەندی، ساڵی ١٩٦٧ لەڕێی خوێندنی ئێوارانەوە ئامادەییش تەواو دەکات. ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ لە زانکۆی مونتبلیەی فەڕەنسا لە کۆلێژی یاسا و زانستی ئابووری وەرگیراوە، وەلێ بۆی نەچووە، دوایی کە لە موسڵ فەرمانبەر بووە، لقێکی زانکۆی موستەنسڕییە کراوەتەوە و لەوێ وەرگیراوە، بەڵام لەبەر گوێزانەوەی بۆ بەغدا نەیتوانیوە بخوێنێ.

* ئەو هونەرکارە دەستڕەنگینە لەوەتەی هەیە بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی خەریکی کارکردنە و ڕەنج دەدا، یەکەم جار لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا، واتە لە ساڵی ١٩٥٨ وەک کرێکار ڕۆژانە بە (٣٠٠) فلس لە بەڕێوەبەرایەتیی پێداویستیی پزیشکی لە بەغدا کاری کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٦٤ لە بەڕێوەبەرایەتیی

نانەواخانەکانی بەغدا کە سەر بە (مصلحة الاعاشة العامة) بووە کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٦٨ لە بەڕێوەبەرایەتیی (اعمار الشمال) بەناوونیشانی (کۆپیکەری نەخشەکان- ناسخ خرائط)، بە ڕۆژانەی (٧٠٠) فلس کاری کردووە، پاشان بۆ موتەسەڕیفیەتی لیوای (کەرکووک)ی دەنێرن و لەوێ تا ساڵی ١٩٦٩ دەمێنێتەوە، لەو شوێنەش کاری نەخشەسازی بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کردووە، هەر لێرەش فێری بەکارهێنانی قەڵەمی (ڕۆترینگ) بووە.

* لە ژیانیدا زۆر کار و ئەرکی کارگێڕی بینیوە و زۆر جێگۆڕکێی پێ کراوە، ئەرکەکانی لە بەغدا، کەرکووک، مووسڵ جێبەجێ کردووە، بۆ نموونە کە لە ساڵی ١٩٧٠ بووەتە فەرمانبەری هەمیشەیی لە (دەزگای ڕۆشنبیریی کرێکاری- مؤسسة الثقافة العمالية) دەینێرنە شاری کەرکووک و مووسڵ کە لقی ئەو دەزگایە لەو دوو شارەدا هەبووە. ساڵی ١٩٧٢ بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی و هونەر دەیگوێزنەوە، لەوێوە بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی) تەنسیبی دەکەن. دوای یەکگرتنەوەی هەردوو (بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی) و خانەی (هاوکاری) ناوەکەی دەکرێتە: (دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی) و عوسمان فایەق دەکرێتە بەڕێوەبەری گشتیی دەزگاکە، ئەویش یەکسەر (١٣) کارمەندی دەزگاکە دوور دەخاتەوە، کە یەکێکیان (عەبدولقادر عەلی مەردان) بووە، بەڵام زۆر نابات و دوای مانگێک دەیگەڕێنێتەوە سەر کارەکەی خۆی. جارێکی دی دەیبەنە سەر میلاکی وەزارەتی ڕاگەیاندن، دواتر لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، لەو ماوەیەشدا لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و هەردوو گۆڤاری (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ)دا، هەروەها دەیان کتێب و نامیلکەی کوردیی دەزگاکەی بە دەستیی دیزاین کردووە، سەرەڕای ئەوەش سەرپەرشتیاری چاپەمەنییەکانی دەزگاکەش بووە.

* لە ١٩٧٣/١٢/١٩، بە تۆمەتی پێوەندی بە (پارتی دیموکراتی کوردستان)ـەوە دەست بەسەر دەکرێ، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٠ بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە لە سەربازی تەسریح کراوە، (٤٣) ڕۆژ لە هەواڵگەریی سەربازی لە بەعقووبە تووشی ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر دەبێ، دواتر هەر لەو شوێنەدا بۆ ماوەی (٢) ساڵ زیندانیی دەکرێ، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا (٦) کەرەت لە دادگای سەربازیدا دادگایی دەکەن، دوای ئەوەی دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگای بەناو (شۆڕش) دەکرێ، لە دوای (٣) دانیشتن بە (٢) ساڵ زیندانی حوکم دەدرێ، لەگەڵ حسێوکردنی ماوەی (٢) ساڵی زیندان بوونەکەی، ئیدی لە ١٩٧٥/١٠/٢٠ ئازاد دەکرێ، دوای (١٢) ڕۆژ لە خزمەتی سەربازی، تەسریح دەکرێ، ئەوجا دەیگەڕێننەوە سەر وەزیفەکەی پێشووی و لە ١٩٧٥/١٠/٢٥ لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی دەستبەکار دەبێ.

* گوزەرانی خانەوادەی عەلی مەردان مام ناوەندی بووە، نە هەژار و نە دەوڵەمەند بوون، بە خێزانێکی (٥) کەسی جاجمێکی کۆنی خوری و لێفە شڕەیەکیان هەبووە و لەیەک ژووردا ژیاون، بەڵام خۆیان بە هەژار نەزانیوە و قەناعەتیان بە بەشی خۆیان هەبووە، هەرچەندە باوکی قەت هانی منداڵەکانی نەداوە لە هونەر نزیک ببنەوە و توخنی کاری هونەریی بکەون، بۆ ئەوەی بخوێنن و زیاتر بە تەنگ داهاتووی خۆیانەوە بن و بەهۆی هونەرەوە وەک خۆی داماو نەبن و نەگبەتی نەیانگرێ و ژیان و پاشەڕۆژی خۆیان نەفەوتێنن. دیارە بۆ ئەو هەڵوێستەی باوکیان لەخۆیەوە سەیری هونەری کردووە کە ئەو لە سایەی هونەرەوە هیچی بەهیچ نەکردووە، هونەری ڕەسەن و ڕاستەقینە دەبێ هەموو شتێکی ژیانتی پێ ببەخشی، بەڵام مەمرەومەژی ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر ببەی.

* عەبدولقادر عەلی مەردان لە سەرەتاوە مەیلی وێنەکێشانی هەبووە، هەندێ جار پۆرترێتی دایک و باوکی کێشاوە، ئەو دەڵێ ئێستاش (٢) لەو کارانەی لەلا ماون، ئەو مەیلە هونەرییەشی لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە لە پۆلەکەیدا یەکێک لە قوتابییەکان کە لەتەنیشتییەوە دانیشتووە مەندائی بووە و براکەی

هونەرمەندێکی بەناوبانگی ئەو ڕۆژگارەی عێراق بووە، ئەویش بە کاریگەری براکەی بەردەوام وێنەی کێشاوە، بۆیە کوڕەکەی عەلی مەردان لەجیاتی گۆرانی و مەقامات، خوو دەداتە وێنەکێشان و ڕۆژ دوای ڕۆژ هونەرەکەی پێش دەکەوێ، کەچی دەست لە هونەری وێنەکێشان هەڵدەگرێ، هەرچەندە دواتریش بەردەوام ئیشی پۆستەری کردووە، لەوانە: ساڵی ١٩٧٠ پۆستەری (گەڵایەک و چوار کۆتر)ی کردووە وەک ئاماژەیەک بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی ئادار لە ماوەی (٤) ساڵدا، دواتریش لە پاش ڕاپەڕین خەریکی دروستکردنی پۆستەر بووە و بۆ هەموو بۆنەکان پۆستەری کردووە، کە ئەوەش درێژەپێدانی کاری هونەری نیگارکێشانیەتی.

* سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ بیرۆکەی نووسینی سیناریۆی فیلمی دۆکیومێنتاری لە بارەی قەڵای هەولێر دەداتە هاوڕێکانی، ساڵی ٢٠٠٥یش دوو فیلمی دۆکیومێنتاری بۆ (حوزنی موکریانی) و فیلمێک لە بارەی تەکنیکی چاپەمەنی منداڵان بۆ سلێمانی ئامادە دەکات.

* جگە لە کورد، عەرەبەکانیش سوودیان لە بەرە و توانایی هونەریی وەرگرتووە و دیزاینی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بۆ کردوون وەک: (لاپەڕە ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆژنامەی العراق، پۆستەری لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی الجمهوریة کردووە، اخبار الاسبوع القطریة، المؤتمر، المواطن، العمل الأسلامیة)، ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش کە کاری تێدا کردوون ئەمانەن: (هاوکاری، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ) دوای ڕاپەڕینیش تا ساڵی ٢٠١٤ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی دیزاین کردووە: (خەبات، کوردستانی نوێ، بارزان، پزیشکی، (دۆغۆش)ی تورکمانی، وڵات، پارێزگاران، گوڵان، شارستانیەتی، دواڕۆژ، کوردستان تریبیۆن) لەگەڵ چەند ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەکی ئینگلیزی. لە بەغدا لەگەڵ بورهان قانیع و مەجید نەدیم خەریکی تایپکردنی نووسینەکانی ڕۆژنامە و دانانی وێنە و ناوونیشانەکان بە (زەنگوغراف) بووە و وەک (جێبەجێکار - منفذ) کاری کردووە. بێجگە لە دیزاین لە کوردستان، سەرپەرشتی دەیان کتێب و بەرگی کتێب و پۆستەر و ڕۆژنامە و گۆڤاری کردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٠١٤ لێپرسراوی هونەریی گۆڤاری (هەنگ)یش بووە، کە گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵانی کورد بووە.

* ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٦ کەوتووەتە کۆکردنەوە و لە چاپدانی دوو کتێبی باوکی بەناوونیشانی: (گۆرانییەکانم) بەرگی یەکەم و دووەم، بە یارمەتی مەجید نەدیم چاپی کردوون کە سەرپەرشتی کوردییەکەی بۆ کردووە. ساڵی ١٩٩٠ کتێبێکی دیکەی بە ناوی (عەلی مەردان و شیعری هەڵبژاردەی کوردی) ئامادە کردووە، ساڵی ٢٠١٢ چاوپێکەوتنەکانی باوکی (بینراو و بیستراو) لە کتێبێکدا بەناوی (بیرەوەری گەڵای پاییز) کۆکردووەتەوە و بەهاوکاری (ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی) چاپی کردووە، دوو کتێبی خۆیشی بەناوەکانی: (دیزاین و نەخشەسازی) و (سینەما و هونەری سینەمایی) دیسانەوە بە یارمەتی (ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی) بە چاپ گەیاندووە.

* بۆ پێگەیاندنی وەچەیەکی نوێ لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و فیستیڤاڵی بەدرخان و کۆنفراسی میدیای منداڵان لە سلێمانی، هەروەها لە شاری دهۆکیش لەگەڵ (محەمەد زادە)ی دیزاینەر و جواننووس وەک وانەبێژ بەشدار بووە، وانەی وتووەتەوە و هەوڵی گەیاندنی ئەزموون و زانیارییەکانی خۆی بەوانی دی داوە.

* لە ساڵی ١٩٩١ لە بەغدا خۆی خانەنشین کردووە و ڕووی کردووەتە هەولێر، تا ساڵی ٢٠١٤ کاری زۆری کردووە و بە گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە ماندوو بووە تا بەشێوە و تەکنیکێکی جوان و ڕازاوە بیانخاتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد، بۆیە هەقی لەسەرمانە بەسەری بکەینەوە و لەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی بدوێین و بە وەچەی ئەمڕۆ و داهاتووی ئاشنا بکەین.. لەو هەڤپەیڤینە بەرفراوانەدا سەرمان بە هەموو ئەو ئەزموونە دەوڵەمەند و وێستگانەدا داگرتووە، پێم خۆشە پێکەوە بیخوێنینەوە تا بزانین لە سەرەتاوە چۆنی هێناوە.

ڕامان: باوکت هیچ جۆرە هاندانێکی بۆ ئێوە نەبوو، تا لە بواری هونەر ڕێچکەی ئەو بگرنە بەر، مەرج نییە هەر لە بواری مەقامات و گۆرانی بووبێت، لە بواری دیکەی وەک شانۆ، موزیکژەنین، شێوەکاری بێت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نەخێر، ئەو هەر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە و دەیوت هەر یەکەتان پاشەڕۆژی خۆتان بدۆزنەوە.

ڕامان: خۆتان پاشەڕۆژی خۆتان بدۆزنەوە، مەبەستی تەواوکردنی خوێندنەکەتان بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ.

ڕامان: ئەوە بەو مانایە دێ کە ئازادی بە خۆتان داوە بۆ ئەوەی خۆتان ڕێچکە و ڕێبازی خۆتان بدۆزنەوە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: باوکم زۆر مەبەستی بوو خوێندن تەواو بکەین و ئایندە و ژیانی خۆمان فەراهەم بکەین، ئەوە بوو من حەزم نەکرد قورسایی بخەمە سەرشانی باوکم، چوومە خوێندنی ئێواران، بەیانیانیش هەوڵم دەدا هەندێ ئیش بکەم.

ڕامان: لە پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی، خوێندنی یەکی ناوەندیت بردە ئێواران؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ.

ڕامان: ناوەندییەکەت ناوی چ بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: یەکەم جار ناوەندی ئەلئیخاء – الأخاء بوو.

ڕامان: ئەو ناوەندییە لە چ ناوچەیەیەکی بەغدا بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەندییەکە نزیک مالّمان بوو، فلکەی ٥٢ی پێ دەڵێن، لێمان نزیک بوو.

ڕامان: ئەوە گۆڕەپانی ٥٢ی پێ دەڵێن.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، نزیک بوو، زۆر لێمانەوە دوور نەبوو. ئەو قوتابیانەی لەو خوێندنی ئێوارانەدا لەگەڵم بوون، تارق حەرب ئەو پاریزەرەی کە ئێستا قسە دەکات و ڕاوێژکاری قانوونییە لە بەغدا، ئەوە یەکێک لەوانە بوو.

ڕامان: ڕاوێژکارێکی یاسایی زۆر بەرچاو و شارەزا و ناسراوە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لەگەڵ ئەوە پێکەوە لە بان یەک تەختە دادەنیشتین، ئیتر لە (مديرية التجهيزات الطبية)، واتە بەڕێوەبەرایەتیی پێدانی کەرستە و پێداویستی پزیشکیی و دەرمان بە نەخۆشخانەکان، بە ناوونیشانی مولەقیح جدری دامەزرام.

ڕامان: بۆ کوتان دژی خوریکە دانراوی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بەڵام خۆی فەرمانگەیەک بوو، (مولەقیح جدری)یان نەبوو، ناوونیشانی ئیشەکە ئەوە بوو، ئەوکاتی ڕۆژانە بە سێ سەت فلس دامەزرام.

ڕامان: بە ڕۆژانەی سێ سەت فلس کارت دەکرد، کێ تۆی لەوێ دامەزراند؟ پێشنیاری کێ بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بە پێشنیاری دوکتۆر محەمەد سالّح مەحمود، یەکەم وەزیری تەندروستی دوای ساڵی ١٩٥٨ بوو.

ڕامان: چۆن ئەو دوکتۆرە وەزیرەت ناسی، چۆن تۆی دامەزراند؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەهۆی باوکمەوە منی دامەزراند.

ڕامان: باوکت چۆن چۆنی دەیناسی، هونەر دۆست بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: هاوڕێی باوکم بوو، دوکتۆریش بوو، زۆر جار لەگەڵ باوکم دەڕۆیشتین بۆ لای، چ من نەخۆش بام، یان

ئەندامانی خێزانەکەمان، دەچووین بۆ لای ئەو، زۆر هاوڕێی باوکم بوو، ئیتر ئەو ئیشەی بۆ جێبەجێ کردم.

ڕامان: دیارە هەوادار و ئەربابی هونەر بووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ماوەیەک لەوێ بووم، لەوێش کەوتمە بەشێک، بەشەکە دەرمانیان ڕۆزمە دەکرد.

ڕامان: واتە دەرمانیان دەخستە پاکەتەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ڕۆزمەیان دەکرد.

ڕامان: دەرمانیان دەپێچایەوە و مۆریان لێ دەدا.

عەبدولقادر عەلی مەردان: مۆرە سوورەکە هەبوو، من ئیشم توانەوەی مۆرە سوورەکە بوو و خەتمم لێ دەدا، ئەوجا کاغەزی تەجلید بۆ پێچانەوەی سندووقی دەرمانەکان هەبوو، ئەو کاغەزی تەجلیدە وەختی مەکتەب، ئەگەر لە بیرت بێ، کاغەزە ئەسمەرەکە تەبەقات بوو؟

ڕامان: کاغەزی تەجلید مەبەستت ئەو کاغەزەیە کە بۆ ڕووپۆشی کتێب و دەفتەرەکان بەکار دەهات و تۆێ تۆێ بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئەوە بۆ ئەو شتانە بەکار دەهات، ڕەنگی ئەسمەر بوو.

ڕامان: لەبیرمە ئەوە بۆ بەرگ تێگرتنی کتێب و دەفتەر و ئەو شتانە بەکار دەهات.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەو کاغەزە ئەسمەرە تەبەقاتی زۆر بوو، منیش زۆر حەزم لێ بوو وێنە لەسەر ئەو کاغەزانە بکێشم، بە تایبەتی پۆرترێتی کەسایەتییەکان، لەوانە عەبدولکەریم قاسم وێنەیەکی هەبوو دەموچاو و لووتی، هەمووی سێبەر بوو، منیش دەکەوتمە سەر وێنە کێشانی و لە ژوورەکە هەڵمدەواسی، دالاّنێک بوو داڕێکی ڤایەر هەبوو بە گەورەیی

بەغدا، ٢٩/ ١٢/ ١٩٧٧، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی هاوکاری کە ژمارە ٤٠٦ بوو، بە تۆفسێت چاپ کرا.

دەمخستە قەدی دارەکەوە، ئیتر ماوەیەک لەوێ بووم تا وتیان دەتخەینە سەر میلاک بە دایمی.

ڕامان: واتە دەتکەینە مووچەخۆرێکی هەمیشەیی.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئیتر ئەو کارەم بۆ نەبوو، چونکە تەمەنم ١٨ ساڵ نەبووبوو، دەبووایە بچمە دایرەی نفووس، ئەوجا بچمە دادگا بۆ ئەوەی تەمەنم گەورە بکەم تا بمکەنە فەرمانبەری هەمیشەیی، منیش لەوێ دەرچووم.

ڕامان: واتە تا سەر لەوێ نەمای؟ هۆکارەکەی چ بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوە بوو وتیان دەبێ ببیتە هەمیشەیی، چونکە ئەو نیزامی تەلقیحە نەما، ئەو ماوەیەی کە وا من دامەزرام کوتانەکە نەما، کە دەرچووم بەعزە وردە ئیشێکی دیم دەکرد.

ڕامان: ئەی مەسەلەی وێنەکێشانەکەت چی لێهات؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: لەسەر وێنەکێشان بەردەوام بووم، یان دەڕۆیشتم کاشیم پەیدا دەکرد، ئەو کاشییە ورد و بچووکانە هەن هی سیرامیک، لە بانی خەتمم دەکرد، بۆ نموونە وشەی اللە و ذولجەلال و ئەو مەسەلانەم بەو

کاشیانه دەردەهێنا، یان هەندێک پۆرتریت، یان وێنەی ئاوێک، دار خورمایەک، بەلەمێک و ئەو شتانەم بە ڕەنگ دەردەکرد.

ڕامان: ئەی کەس نەبوو هاوکارت بێت، مامۆستایەک، کەسێک، هونەرمەندێک، لەو بوارانەدا ڕێنماییت بکات و تەوجیهاتت بداتێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵا، ئەگەر کەسێک هەبووایە، ئەوە زۆر پێش دەکەوتم.

ڕامان: کەواتە وێنەکێشانەکەت تەنیا ئارەزوویەکی تایبەتی خۆت بووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەرێ وەڵا.

ڕامان: دوای ئەوەی وازت لەوێ هێنا، ئەو وردە ئیشانە چ بوون دەتکردن؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بۆ نموونە بۆیاغی دیوار، ئەویش وەستایەک هەبوو لەوانەی مووسڵ هاتبووە بەغدا، لە دوای ڕووداوەکەی ١٩٥٩ی مووسڵ هاتبووە بەغدا، لەوێ ئیشی دەکرد، بۆخۆی مامۆستای قوتابخانە بوو، بەڵام کە ڕای کردبوو، ئیتر مامۆستایەتی نەدەکرد، ئەوە بوو من و کوڕێکی تر بووین، کە ئەویش قوتابی بوو، پێکەوە ئەو وردە ئیشانەمان دەکرد، یان ماوەیەک بە شێوەیەکی کاتی لە ئیعاشە دامەزرام.

ڕامان: نان و سەمووني حکوومی کە هەرزانتر بوو لە هی بازرگانی، وا نییە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، سەمووني حکوومی.

ڕامان: سەمووني حکوومی، ئەوە لەبەر ئەوەی لەلایەن حکوومەتەوە پاڵپشتی دەکرا بۆ خەڵک هەرزانتر ڕادەوەستا.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بە چوار فلس بوو.

ڕامان: بەڵێ وابوو، ئەو نان و سەمونە بە عانەیەک بوو، یەک عانە، چوار فلس بوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ماوەیەک لەوێ بووم، مەشرووعەکە خۆی دەهات، مەشرووعیان پێ دەوت، کوشکیان بۆ سەموونفرۆشتن دانابوو، قەول بوو ئێمە لەو کوشکە دابمەزرێین، کۆمەڵە تەلەبەیەک بووین، نزیکەی دوازدە تا پازدە تەلەبەیەک دەبووین.

ڕامان: مەشرووعەکە چی لێهات؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: مەشرووعەکە سەری نەگرت، دوای ئەوە چییان کرد، تیپی فوتبۆڵ کە هی وەزارەتی ئابووری بوو، منیش ئەوکاتە یاری فوتبۆڵم دەکرد، لە بەردەم ماڵمان گۆڕەپانێک هەبوو، لەوێ یاریمان دەکرد، نەختێک لە یاری کردن باش بووم، تیپێکمان لەو کۆمەڵە کەسەی کە وا دامەزرابووین دروست کرد، ئیتر ماوەیەکیشم لەوێ بردە سەر، بەم جۆرە تا ١٩٦٧- ١٩٦٨ ڕامکێشا، تا دایرەی (ئیعماری شیمال)یان دامەزراند.

ڕامان: ئەوە وەزارەت بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، یەکەم جار بەڕێوەبەرایەتی بوو.

ڕامان: بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لە شۆڕیجە لە بینایەک نهۆمی سێ بوو، نهۆمێکیش هی دایرەی تاپۆ بوو.

ڕامان: لە بەغدا، بەڕێوەبەری تاپۆی ئەو کاتە فایەق هوشیار بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بەڕێوەبەری گشتیی تاپۆکە فایق هوشیار بوو، خەڵکی سلێمانی بوو.

ڕامان: فایق هوشیار نەوەی پیرەمێردی شاعیرە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، باڵا کورتێکی

لاواز بوو، لە ڕووی تۆ نەبێ ئینسانێکی بەڕێز بوو.

ڕامان: بەڵێ، بەڵێ، لە سلێمانی هاوڕێمان بوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەو لە نهۆمی یەک بوو، ئێمە لە نهۆمی سێ بووین، لە ئیعماری شیمال، کەریم دەوڵەت هەبوو خەڵکی سلێمانی بوو، لەگەڵ ڕەفیق چالاک لەوێ بوون.

ڕامان: ئەوانەش لەوێ فەرمانبەر بوون؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ، لە کارگێڕی و خۆیەتی (ئیدارە و زاتیە) ئیشیان دەکرد، ئیتر لە ڕێی باوکمەوە ڕۆژانە بە ٧٠٠ فلس دامەزرام، ئێستاش نووسراوە ڕەسمییەکەی دامەزراندنم لەلا هەیە.

ڕامان: ڕۆژانە بە ٧٠٠ فلس، پارەکەیان بە ڕۆژانە دەدانێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، مانگانە بوو، بە ناوونیشانی فوتۆکۆپیکردنی نەخشەکان. مەبەست نەخشەی بینایە، چونکە تازە مەسەلەی ئیعماری شیمال دامەزرا بوو، ئەوکاتە جۆرە وتووێژێک لە ئارابوو، شەڕ کەم بوو، ئاگربەست هەبوو.

ڕامان: بەڵێ، هەر خۆی سالی ١٩٦٨- ١٩٦٩ نزیکبوونەوەیەک هەیە، نزیکبوونەوەی نێوان حکوومەت و شۆڕش هەبوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: منیش باسی ١٩٦٨ دەکەم، دایرەکە لە شۆڕیجە بوو، ڕۆیشتم لەوێ دامەزرام، ئەو کاتە وەک ئێستا ئامێری فۆتۆکۆپی نەبوو، هەر ڕۆنیۆیەک لەگەڵ ئامێرێکی بچکۆلانەی کۆپی هەبوو، بەڵام نەک کۆپی کاغەز، کۆپی نەخشە دەڵێم، ئەوەیان جودایە، چونکە دەرمانەکەی دەسووڕێ.

ڕامان: ئەوانەی لەو بەشەدا لەگەڵت کاریان دەکرد کێ بوون؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: کە نیوەڕۆیان دەوام تەواو دەبوو، دەردەچووم و دەگەڕامەوە ماڵەوە، بەیانیان کە دەهاتم ڕۆنیۆکەم پاک و تەمیز بەجێ هێشتبوو، ئیشی نەکردبوو، ئەوسا ئیش نەبوو، تازە دایرەکە دروست بووبوو، دەمدی نەختێک مەرەکەبی ڕەشی ڕۆنیۆ کەوتووەتە بان مێزەکە، یان پارچە کاغەزێک دیارە لەژێر ڕۆنیۆکەدایە، شکم دەبرد دەستکاری کرابێ، دوای دوو سێ ساڵ بۆم دەرکەوت کەوا ئەو پاسەوانانەی لەوێ بوون، سەر بە شۆڕشی ئەیلوول بوون.

من زانیاریم لە بارەی فیلمەوە نەبوو، بەڵام لە وێنەکێشان و خۆشنووسیدا باش بووم.. باوکیشم زۆر مەبەستی بوو خوێندن تەواو بکەین و ئایندە و ژیانی خۆمان فەراهەم بکەین.

ڕامان: کوردیش بوون؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، کورد بوون.

ڕامان: فەیلی بوون؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، فەیلی نەبوون.

ڕامان: ئەدی خەڵکی کوێ بوون؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: یەکێکیان کەریم حەکیم بەرزانی بوو.

ڕامان: (بەرزانی)ش بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بڕای دوکتۆر جەلال حەکیم بەرزانی بوو، ئەمری خوای کرد، دوکتۆر سلێمان برا گەورەکەیان، ئەویش ئەمری خوای کرد، (سلێمان)یان هەر لەوێ ناشت.

ڕامان: دیارە ئەو پاسەوانانە بەیاننامە و بڵاوکراوەیان پێ ڕاکێشاوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، کەریم حەکیم کە لە دەرەوە مرد، لە سوید ناشتیان، تەلەبە

بـوو کـه دەرچـووە دەرەوە، ئیتـر پێوەندیمـان هەبـوو، بووینـە بـرادەر، ئـەو بڵاوکراوە و شـتانەیان چـاپ دەکـرد و بـەو ئامێـری ڕۆنێویـە ڕایـان دەکێشـان و بەنـاو بەغـدادا بڵاویـان دەکردنـەوە.

ڕامـان: تـۆ کـە ئـەو پەڵـە مەرەکەبـە ڕەشـەت لـەلای مێزەکـە و لەسـەر کاغـەز دیـت، گومانێکـی لـەلات دروسـت کـرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، شکم دەکرد.

ڕامان: سەرەتا نەتدەزانی کێیە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ناوەڵـلا، تەنیـا گومانـم دەکـرد، خوایـە ئـەوە مـن بـە پـاک و تەمیـزی بەجێـم هێشـتووە، بـۆ ئـەو مەرەکـەب و کاغـەز و ژوورە ئاوایـە، ئـەو شـەوەی هاتینـە وەزارەتـی ئیعمـاری شـیمال لە شـەقامی جمهووری، گۆڕەپانـی خولانـی، ئێسـتا وەزارەتـی کشـتوکاڵ لەوێیـە، هـەر بەرانبـەر دەزگای ڕۆشـنبیریی کـوردی، هاتینـە ئـەوێ، وەزارەت لـە نهۆمـی یـەک بـوو، ئێمـە لـە نهۆمـی دوو و سـێ بووین.

ڕامـان: کـە چوویتـە ئـەو دایرەیـە یەکسـەر تۆیـان نـاردە هۆبـەی هونـەری؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: هۆبەیـەک هەبـوو، ئیشـەکەی کۆپیکردنـی نەخشـە و شـتی وا بـوو، منیـان نـاردە هۆبـەی هونـەری، هۆبـەی هونـەری ئەندازیـاری لـێ بـوو، ئەندازیـاری بیناسـازی، کۆمەڵـە ئەندازیارێـک بـوون، لەگـەڵ چەند (کاتب تابیعە)یـەک بـوون، مـن لـەوێ بـووم، ئیتـر دوو ژوور بـوو، ژوورێکیـان دا بـە کاتـب تابیعـەکان و ژوورێکیشـیان دا بـە ئەندازیـارەکان، ژوورەکـەی بەرانبەرمـان، ئـەوە هەمـووی بـە گشـتی هۆبـەی هونەری بوو. دەزگای گشـتی بازرگانی- المؤسسة العامـة للتجـارة شـەریکەی ئەفریقـی، دەزگای بازرگانـی ئامێـری گـەورەی کۆپیکردنـی هێنابـوو، ئیتـر حکوومـەت نووسـراویان کـرد، ڕۆیشـتم بـە

بەغـدا، ١٩٨٩، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی کـوردی، لـە ڕاسـتەوە: عەبدولقادر عەلـی مـەردان، محەمـەد سـەلیم سـواری، شـەعبان مـزووری.

قسـت ئامێرێکـی گـەورەم هێنـا.

ڕامان: ئامێرەکە چ بوو؟ بۆچی بەکار دەهات؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئامێرێکـی تایبـەت بـە کۆپیکردنـی نەخشـە بـوو.

ڕامـان: بـۆ ئیشـەکەتان ئامێرێکـی گـەورەی فۆتۆکۆپیکردنـی نەخشـەکانتان کـڕی؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، نەخشـەی بینـاکان، بـۆ نموونـە مـن کـە نەخشـەم دەکـرد، هـەر چێـژی هونەریـی ڕۆژنامەوانییەکـەم هەبـوو، چیـم دەکـرد، ئـەو نەخشـانەم کـۆ دەکردنـەوە، قەبارەیـان گـەورە بوو، بەرگم دەکـردن، کارتۆنێکی تەختـم دەهانـی، لـە بـان کارتۆنەکـە ناوونیشـانی ئـەو کۆمەڵـە نەخشـەیەم دەنووسـی کـە ئەوانـە نەخشـەی چیـن، خانـووی قوتابخانەکانـن، یـان نەخۆشـخانەن.

ڕامـان: کۆمەڵێـک نەخشـەت کـۆ کردووەتـەوە، بـە کارتـۆن بەرگـت تـێ گرتـوون و بـە یەکـەوە بەسـتووتن بـۆ ئـەوەی ببـن بـە جزووبەنـد بـۆ ئەرشـیف.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، تـا ببـن

بـه جزووبەنـد، ئیتـر چیـم دەکـرد، شـێوەی چوارگۆشـەییم لـه سـەرەوەی کارتۆنەکـه هەڵدەکەنـد، ئەوجـا کاغـەزە شـەفافەکە، کاغـەزی ترێسـیان پـێ دەوت، دەمخسـتە قـەدی و لەژێـری مـۆرم دەکـرد، بـەم جـۆرە ئـەو موجەلەدانـەی بـۆ ئـەو نەخشـانە دەمکـردن، هونەرێکـم تێـدا بـەکار دەهێنـا زۆر جـوان بـوو.

ڕامان: ئەوەت چۆن دەکرد؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئـەوە کارتۆنەکەیـە، بەرگـی یەکـەم، لـە سـەرەوەی ئەدرەسـی ئـەو موجەلـەدە چییـە، ئـەو کۆمەڵـە نەخشـانە چیـن، دەمنووسـین، بـا بڵێیـن خانـووی کارمەندێکـی تەندروسـتییە، منیـش بـە قـەدەر نووسـینەکە هەڵـم دەکۆڵـی، بـۆ جوانـی پارچـە ترێسـێکم لەژێر هەڵکۆڵینەکـە بـە قەدییـەوە دەلکانـد، تـا ڕوون و تەنـک بـێ و بتوانـرێ بخوێنرێتـەوە، بـۆ جوانییـش بـە خۆشنووسـی ئەدرەسـەکەم دەنووسـی.

ڕامـان: باشـە تەواوکردنـی قوتابخانەکـەت چـی لـێ هـات، هـەر لـە ئێـواران دەتخوێنـد؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: هـەر بـەردەوام بـووم، ئێـواران دەمخوێنـد، سـێی ناوەندییەکـەم لـەوێ تـەواو کـرد، دوایـی چوومـە ئامادەییـش.

ڕامـان: ناوەندیت کـە خوێنـد هـەر لـەو ناوەندییە مایتەوە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، لـە ئەلئیخاء، لـەوێ تـا پۆلـی سـێ مامـەوە.

ڕامـان: هیـچ هەلێـک نەبـوو بـۆ ئـەوەی مامۆسـتایەکی هونەرمەنـد لـەوێ بـێ تۆزێـک بـۆ کاری هونـەری هانـت بـدات؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ناوەڵـلا، تـۆ بـە ڕۆژ خەریکـی ئیـش دەبـی، لـە ئیـش دەردەچـی دەچـی بـۆ مەکتـەب، لـە مەکتـەب ئێـوارە دەگەڕێیتـەوە.

ڕامـان: ئەوجـا چوویتـە ئامادەیـی، ئـەو ئامادەییە نـاوی چـی بوو؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئامادەیی تەفەیوض، لـە عیلویـە بوو.

ڕامـان: بەڵـێ، لـە شەسـتەکان مالّمـان لـە علویـة بـوو، ئـەو قوتابخانەیـەم لـە بیـرە، ئـەوە قوتابخانەیەکـی ئەهلـی بـوو.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئیتـر کـە لەوێـش بـووم، بـەردەوام ئیشەکەشـم هـەر دەکـرد.

ڕامان: ئەو کاتە ساڵی چەند بوو؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: سـاڵی ١٩٦٨ بـوو ئامادەییـم تـەواو کـرد، کـە ئامادەییـم تـەواوم کرد، بەڕێکـەوت خوشـکم لـە دایرەیـەک ئیشـی دەکـرد، نـاوی دەزگای ڕۆشـنبیریی کرێـکاری (مؤسسـة الثقافـة العمالیـة) بـوو.

ڕامـان: ئـەوە کام خوشـکت بـوو لـەوێ کاری دەکـرد؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: مائیـدە، خوشـکە گەورەکەمـە، لـەوێ لەسـەر بەدالـە ئیشـی دەکـرد، ڕێکـەوت بـۆ کاتیـب تابیعـە بـە دوو زمـان ئیعلانـی وەزیفەیـان کردبـوو، مـن کـە لـەو هۆبـە هونەرییـە بـووم لەسـەر فۆتۆکۆپـی، هەمـوو ڕۆژ کارمـان نەبـوو بیکـەم. حەمـە وەفـا حەسـەن، خەڵکـی سـلێمانی بـوو، دوکتـۆر هیـوا سـەیید ئەحمـەد پزیشـکی چـاو هەیـە لێـرە، ئـەوە خزمـی نزیکـی ئـەو حەمەوەفایـە بـوو. هیـوا سـەیید ئەحمـەدی بـرای لـە ئاژانسـی هەواڵـی عێراقـی کاری دەکـرد، نـاوی هوشـیار سـەیید ئەحمـەد بـوو.

ڕامـان: بەڵـێ، ئـەوە لـە هەولێـرە، مەبەسـتت هونەرمەندەکەیـە، ئـەوەی تەمسـیلی دەکـرد؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، ئیتـر حەمەوەفـا و یەکێکـی تـر هەبـوو نـاوی عەلـی مستەفا بـوو، هـەر لـەوێ بـوو، ئـەوە لەسـەرەتای شـوباتی سـاڵی ١٩٦٨ بـوو، لەگـەڵ عەلـی

مستەفا، کە ئەویش خەڵکی سلێمانی بوو، جەمیل کە کریستیانی شەقڵاوە بوو، ئەویشمان لەگەڵ بوو.

ڕامان: بەڵامەوە سەیرە، لە ساڵانی شەستەکان ئەو داموەدەزگایانەی بەغدا زۆربەیان کورد بەڕێوەیان بردوون، یان کارمەندانی کورد بوون.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئاخر دایرەی ئیعماری شیمال هەمووی کورد بوون.

ڕامان: هەمووی کورد بوون، کێ بەرپرسی یەکەمی ئەو دەزگایە بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەندازیار محەمەدئەمین عەلی بوو.

ڕامان: ئەوە بۆیە وا بووە، هونەرەکە هی ئەو بەڕێوەبەرەیە کە کوردی کۆکردووەتەوە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: سکرتێری بەڕێوەبەری گشتی محەمەد جاف بوو.

ڕامان: ئەویش کوردە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئەویش کوردە، کۆمەڵە کەسێک بوون، لەوانە حەمیدی کاکە زیاداغای کۆیە کە بەڕێوەبەری کارگێڕی و خۆیەتی بوو.

ڕامان: بەڵێ، ئەویش لە هەولێر برادەرمان بوو، بەداخەوە کۆچی دوایی کرد.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوە بەڕێوەبەری گشتی خۆیەتی بوو، کەریم دەوڵەت لەوێ بوو، بەڵام کە ئیعماری شیمال هاتە گەڕەکی خولانی، ڕەفیق چالاک لەلامان نەما. نازانم نەقڵی سلێمانی بوو، یان خانەنشین بوو، ئەوێ کۆمەڵێکی زۆر کوردی لێ بوو.

ڕامان: وتت تۆ بەهۆی ئەو خوشکەتەوە چووی بۆ ئەوێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، چووم بۆ ئەو دایرەیە، تاقییان کردینەوە، وتیان دەبێ بیست و هەشت وشە بە یەک دەقە لێ بدەی، لەوە کەمتر نەبێ.

ڕامان: تۆ دەبوو (٢٨) وشە لەسەر ئامێری تابیعە لێبدەی بۆ ئەوەی دەربچیت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، دەبوو بە دە پەنجە ئیش بکەی، بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، منیش لە تاقیکردنەوەکە لێم دا، نزیکەی ٢٩ وشە دەرچوو، ئەوە بوو من و ئافرەتێک دەرچووین و دەمەزراین، کە دامەزراین یەکسەر منیان ناردە کەرکووک، چونکە لقێکیان لە کەرکووک کردەوە.

به پێشنیاری دوکتۆر محەمەد ساڵح مەحموود، یەکەم وەزیری دوای ساڵی ١٩٥٨ بە ڕۆژانەی (٣٠٠) فلس کەوتمە کارکردن.

ڕامان: ئەوە ساڵی ١٩٦٨ بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٩ لەوێ مامەوە، لەوانەیە مانگی حوزەیران بووبێ، بە منەوە سێ کەس بووین، چونکە ساردیش بوو، جێگا نەبوو بۆ خەوتن، نەچووینە هۆتێلیش، ئەوەی کە لێپرسراوی دایرەکە بوو ناوی عامر ئەلعوبێدی بوو، وا بزانم بووە حاکم، حقووقی تەواو کرد، ئەویش دەرچوو، لەگەڵ یەکێک بەناوی حسێن مووسەوی، ئێمە دوو فەرمانبەر و لێپرسراوێک بووین.

ڕامان: ئێوە ئەو سێ کەسە لە بەغداوە هاتن بۆ کەرکووک؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لە بەهووی بەلەدییەکەی کەرکووک ژوورێکیان دا پێمان و لەوێ دەخەوتین.

ڕامان: بەهووی بەلەدییە چییە؟ هۆڵی شارەوانی بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوە خۆی وەکوو

دوو هـۆڵ بـوو، لـه دوای ڕێککەوتنـی ئـازار دوو سـێ شـانۆگەرییان تێدا پێشـکەش کـرد، مەهـدی ئومێـد و جەماعـەت لـه کەرکـووک لـه بەهـووی بەلەدییـه کردیـان، لـەوێ شـانۆیەک هەبـوو، شـانۆ بـوو.

ڕامان: بەهوو مەبەستت شانۆیە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئا، بەڵـێ، شـانۆ بوو، باغچەیەکـی گـەورە و چـوار هـۆڵ، لەگـەڵ چەنـد ژوورێـک و شـوێنێکی گـەورەی وەکـوو مەتبەخـی لـێ بـوو، پێیـان دەگـوت بەهـووی بەلەدییـه، بـۆ پێشـوازی میـوان دەچوونـه ئەو شـوێنه، ئەو شـوێنه پێیـان دەوت شـوێنی حەوانـەوەی میوانەکانـی پارێـزگا و شـوێنی چالاکیـی هەمەجـۆر بـوو.

ڕامان: کەواتە ئەوە دارولزیافە بووە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئا، بەڵـێ، دارولزیافە بـوو، تـەواو دارولزیافـه، ئێستایش مـاوە، باغێکـی زۆر گـەورە بـوو، ئـەو بینایـه لەنـاو باغەکـەدا بـوو.

ڕامـان: گوتـت شـوێنی نووسـتن و حەوانەوەتـان هـەر لەنـاو دایرەکـه بـوو؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، بەڵـێ، هـەر لەنـاو دایرەکـه بـوو، ئێتـر ژووری نووسـتنەکە مەخزەنێکـی زۆر گـەورە بـوو، مەتبـەخ بـوو، هـەر لـەوێ دەخەوتیـن.

ڕامـان: ئێـوە خـۆ بـە ئەسڵ خەڵکـی پارێـزگای کەرکووکـن، لـه لەیـلان و ئـەو نـاوە خزمتـان نەبـوو بچیتـه لایـان؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: خـزم هەبـوو، بـەڵام حـەزم نەدەکـرد قورسـایی خـۆم بخەمـه بـان خـزم.

ڕامـان: یانـی نەتدەویسـت ئەرکیـان بخەیتـه سـەر.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئـەوە سـاڵی حەفتـا، کاتـی ڕێککەوتنـی ئـازار بـوو، مـن ئـەو سـاڵە سـی لەسـەر سـی و یـەک هاوسـەرگیریم کـرد، ژنـم هێنـا.

ڕامـان: دیـارە هـەر بـە بۆنـەی ڕێککەوتننامـەی ئـازارەوە هاوسـەرگیریت کـردووە؟

عەبدولقـادر عەلـی مەردان: پێـش ڕێککەوتنەکەی سـاڵی ١٩٧٠ ژنـم مارەکردبوو.

ڕامان: ئەوەی هێنات خەڵکی کەرکووک بوو؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، خزمـی خۆمـه. دایکـی کچـی خاڵـۆی باوکمـه، ئەحمـەد بێکـەس خاڵۆیەتـی.

ڕامـان: بـه داخـەوە (ئەحمـەد بێکەس)یش ئەمـری خـودای کـرد.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: هێشـتا نەمهاوردبوو، خزمـی یەکتـری بووبـن، بەیانـی ئـازار هاتـه پێشـەوە، ئـەو کوردانـەی....

ڕامـان: ئـەوە بـۆ زانیاریـت بەیـان نییـه، ڕێککەوتننامەیـه، بـەڵام حکوومـەت بـۆ ئـەوەی خـۆی گـەورە بـکات و کـورد بچـووک نیشـان بـدات، وەکـوو بیـەوێ بڵـێ خێرمـان بـه کـورد کـردووە، پـاش ئـەو هەمـوو قوربانیـدان و خوێـن و فرمێسـکەی نـۆ سـاڵ شۆڕشـی ئەیلـوول بەخشـی، دەڵـێ بەیـان، ئەمـەش تەنیـا بـۆ بچووککردنـەوەی ڕێککەوتنەکەیـه، بۆیـه دەبێ بوتـرێ ڕێککەوتننامه.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئـەو ڕێککەوتننامـەی ئـازارە چـی لـێ کەوتـەوە، ئـەو پێشـمەرگانەی گەڕانـەوە، لەبـەر ئـەوەی ئەوانـه عەسـکەرییان نەکردبـوو، موعامەلـەی تەسـریح کردنیـان بـۆ کـرا، ئـەوە بـوو لیژنـەی سـەلام، ئەگـەر بیـرت مابـێ، عوسـمان فایـق سـەرۆکی لیژنـەی سـەلام بـوو، لـه حیزبـی بەعـس دەسـتڕۆییو بـوو.

ڕامان: عوسمان فایق، ئەوەی کوشتیان؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، ئەو سـەرۆکی لیژنەکـه بـوو، خزمێکمان هەبوو لە عەسـکەری بوو، بـەڵام ژێـر بـه ژێـر لەگـەڵ ڕێکخسـتنی پێشـمەرگە بـوو، وتـی بـۆ نایـەی ئـەو عەسـکەرییەکەت لـه

کۆڵ بێتەوە، تۆش عەفوێکت بۆ بکەم، ئەوە بوو بۆی کردم.

ڕامان: تۆ تەجنیدت لە کەرکووکە، وانییە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، تەجنیدم بەغدایە، نووسراوێکی بۆ کردم تەئیدەکەم لە کەرکووک وەرگرت، پارتی لە کەرکووک نووسراوێکیان بۆ کردم کە بارەگایان لە شەقامی ئەتلەس بوو.

ڕامان: چییان لە نووسراوەکەدا نووسیبوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نووسیبوویان کەوا من لە عەشایری کوردم و لە عەسکەری تەسریح بکرێم.

ڕامان: کەواتە وەکوو (عەشایر) نووسراویان بۆت کردووە، نەک وەک پێشمەرگە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ.

ڕامان: دیارە ئەو کاتە تەنیا عەشایریان تەسریح دەکرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نووسینەکە وابوو، نەیدەوت پێشمەرگە، دەیوت (من العشائر الکردیة) ئێستایش نووسراوەکەم ماوە.

ڕامان: ئەو عەرەبە لەوەتای هەیە فێڵ لەو کوردە داماوە دەکات.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوە بوو نووسراوەکەم بردە بەغدا و تەسریح بووم، لە دایرەکەم بەڕێوەبەری گشتی عەبدولجەبار ئەلکەرخی بوو، لەناو ئەو دایرەی ئیشم تێدا دەکرد ئەو پیاوە کە مامۆستای سەرەتایی بوو، سەر بە قیادەی قوتڕی حزبی بەعس بوو.

ڕامان: لە دایرەی ئیعماری شیمال دەرچووی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لەوێ دەرچووم و بوومە فەرمانبەری هەمیشەیی تەواو.

ڕامان: لێرە بە دواوە، ئیدی تۆ فەرمانبەری هەمیشەییت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لە ئیعماری شیمال کاتی بووم، ئێستا فەرمانبەری هەمیشەییم.

ڕامان: چوویتە ئەو دایرەی خوشکەکەتی لێ بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، ئەوانە بەڕێوەبەری گشتییان عەبدولجەبار کەرخی بوو، ئەوە بەرپرسی هەموو کەرتی (کەرخ)ی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بوو، ئەوە بەڕێوەبەرە گشتییەکە بوو، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ویسام تەڵبە، ئوردونی بوو، ئەویش سەرکردایەتی بوو، ئەندامی سەرکردایەتی قیادەی قەومی بوو، هاوردبوویان کردبوویانە جێگری بەڕێوەبەر.

ڕامان: کە دەفتەری خزمەتی سەربازییەکەت وەرگرتەوە چیت کردەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: لەوێ ئیشم کرد، من دەفتەری خزمەتەکەم بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە وەرگرت، چوومە کەرکووک، لە کەرکووک منیان گوێزایەوە موسڵ، دوایی لە موسڵ یەکێک هەبوو ناوی نایەتەوە بیرم، ئەو یەکە بەعسییە، دز و جەردەیەک بوو ژمارە یەک.

ڕامان: مەبەستت کێیە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڕێوەبەری لقی موسڵ، ئاخر بۆ لە کەرکووکەوە بۆ موسڵ گوێزرامەوە.

ڕامان: تۆیان بۆ موسڵ گوێزایەوە، ئەوکاتە ژنیشت هێنابوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئەو دووانەی لەگەڵم بوون ئەوانیش بۆ بەغدا گوێزرانەوە، ئیتر کەسیان لەوێ نەمان و چوونە دایرەیەکی تر، ئەو بەعسییە ڕاپۆرتێکی نووسی، دوای ئەوەی دیتی من لەسەر مەسەلەی نەوت دزین هەڵم دەدایێ.

ڕامان: ئەو دەستی دەڕۆیشت و نەوتی دەدزی

و تۆش پێگریت لێی دەکرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بەرمیلی نەوت زۆر گران بوو، مووسڵ سارد و بەفری ئەو ساڵانە زۆر زەحمەت بوو، پێم دەوت ئەو نەوتەمان بۆ خولەکانمان دەوێت، خولمان هەبوو، خولی کرێکار و شتی وا، دەربارەی یاسای کرێکاران و سۆشیالیزم و ئەم مەسەلانە بوو، ئەوە بوو بەهۆی دزینی بەرمیلەکان، ئێمە بێبەش دەبووین، ئەو دەیدزی و دەیبرد، ئەوە بوو نەقڵی بەغدا بووم.

ڕامان: ئەی تۆ مااڵ و منداڵت لەگەڵ خۆت نەبردبوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بردبوویانم بۆ مووسڵ، بەڵام کە گەڕامەوە بەغدا ئەوانیشم برد و هەر لە مەنتیقەی تەل محەمەد خانوویەکم بە کرێ گرت و لەوێ دادەنیشتین. پۆرتریت و شتی وام بۆ گۆڤاری هۆشیاریی کرێکاری دەکرد، چەند کەسێکی بەڕێز بوون منیش نەختێک پۆرترێتم بۆیان کرد، ئەوان قایم بوون، پەیمانگای هونەرە جوانەکانیان تەواو کردبوو.

ڕامان: واتە مۆتیڤیان دروست دەکرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ.

ڕامان: بۆچی مۆتیڤیان دروست دەکرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: مۆتیف بۆ ئەو بابەتانەی لەناو گۆڤارەکەدا بوون، هەروا بۆ جوانی لاپەڕەکە، وەکوو ئێستای گۆڤاری ڕامان.

ڕامان: ئەوان گۆڤارەکەیان بەڕێوە دەبرد و مۆتیڤەکانیان بۆ گۆڤارەکە بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، منیش لایەنی دیزاینەکەم دەزانی.

ڕامان: تۆ لایەنی هونەری ڕۆژنامەوانییەکەت دەزانی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ڕۆژنامەیەک هەبوو بەناوی الأخبار، کە هی محەمەد بریفکانی بوو، یەک لاپەڕەی کوردی بوو، دەنگوباس بوو، لاپەڕە کوردییەکە بورهان قانیع سەرپەرشتی دەکردە سەر لایەنی هەڵەچنی و زمانەکەی.

ڕامان: ماوەی چەند لەوێ ئیشت کرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: کەم، زۆر کەم بوو، ئەوە قۆناغی شەشی سەرەتایی کاری من بوو.

ڕامان: مانگێ بە چەند کارت بۆیان دەکرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ڕۆژانە بوو، ڕۆژانە بە ٢٥٠ فلس، شتێکی ئاوابوو.

ڕامان: ئەوە ساڵی چەند بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: قۆناغی چوونم بوو بۆ ناوەندی.

ڕامان: قۆناغی ناوەندی، ئاخر ساڵی چەند بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوکاتە ١٩٥٩، یان ١٩٦٠ بوو.

ڕامان: ئیشەکەی تۆ لەوێ چی بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: وەکوو کرێکار کارم دەکرد.

ڕامان: واتە ئامادەکردنی ئەو کەرستانەی بۆ دامەزراندنی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بوو؟ باشە یەک لاپەڕە پێویستی بە دوو کەسی وەک بورهان قانع و تۆ هەبوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئاخر من ئیشم لە ڕۆژنامەی ئەلبیلاد نەدەکرد، ئیشی من لە چاپخانەکەی ئەلبیلاد بوو.

ڕامان: کارکردنت لە ڕۆژنامەی ئەلبیلاد ساڵی چەندە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: دوای شۆڕشی تەممووز بە ساڵێک، دوو ساڵ ئەلئەخبار و ئەلبیلاد دەرچوون.

ڕامان: کۆنتر ڕۆژنامەی (بلاد)یێک هەبوو،

مـن زۆربـەی ژمارەکانیـم دیـوە، لـەوێ بـە دوای نووسینەکانی شوکری فەزڵـی دا دەگـەڕام، سـاڵی ١٩٣٨ لـە بارەیـەوە نووسـراوە.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، لـە ڕۆژنامـە کۆنەکانـی عێـراق بـوو.

ڕامـان: تەمەنـی ڕۆژنامـەکان (ئەلئەخبـار) و (ئەلبیـلاد) درێـژ بـوون؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، ئەخبـار و بیـلاد کـۆن بـوون، شـوێنی چاپخانەکـە لـە کۆشـکی سـپی — قصـر الابیض بـوو، شـوێنێکی زۆر هێمـن و خـۆش بـوو.

ڕامـان: گۆڕەپانـی ئەندەلـووس پێـش کۆشـکی سـپی دروسـت بـوو؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: نـا، نـا، بـەر لـەو، گۆڕەپانـە دروسـت بـوو، ئەوجـا سـەرەکەی چینکـۆ بـوو، ئامێرەکانـی چاپخانـە لـەوێ بـوون، کـەم لـەوێ ئیشـم کـردووە، ئیتـر وازم لـێ هێنـا.

ڕامـان: لـەوێ بیرۆکەیەکت لـە بـارەی ڕۆژنامەوانی بـە دەسـت هێنا؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵـێ، بەڵـێ.

ڕامـان: بیرۆکەکـە چـی بـوو، زیاتـر لـە بـارەی دیزایـن و نەخشەسـازی بـوو؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، بـەڵام دیزایـن ئـەو دیزاینـە نەبـوو کـە ئێستا دەکـرێ.

ڕامـان: دەزانـم؟ دیزانەکـە سـەرەتایی بـوو، بـە دەسـت جێبەجـێ دەکـرا.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئـەو دیزانـە نەبوو کە وا ئێمـە دەمانکـرد، ئـەو کاتـە هـەر ڕۆژنامەگـەری بـە گشـتی، جەنابـت دەڵێـی ڕۆژنامەکـە کۆنـە، بـە گشـتی تـا ١٩٧٥ — ١٩٧٦ هـەر قورقوشـم بـوو، هەمـوو پیتـەکان قورقوشـم بـوون، لاینۆتایـپ بـوو، لاینۆتایـپ و هەڵەچنـی دەکـرا، ئیشـێکی زۆر زەحمـەت بـوو، ئـەوەی ئیشـی لەسـەر ئـەو ئامێرانـە دەکـرد عـەرەب بـوون.

ڕامـان: لـە ئیشـی لاینۆتایپـدا تـۆ دێـی دێـڕ بـە دێـڕ کـۆی دەکەیتـەوە، دوایـی بـە پەتێـک دەیبەسـتی، پڕۆڤەیـەک بـۆ هەڵەچنـی ڕادەکێشـرا، ئەزیەتەکـەش لەوەدابـوو، ئەگـەر وشـەیەک هەڵـە بووایـە، دەبووایـە ئـەو ڕسـتەیە هەمـووی بێنێتـە دەرەوە، جـاری وابـوو ئـەو وشـەیەی بـۆ ڕاسـت دەکردیتـەوە، یـان بـا بڵێیـن ئـەو پیتـە، بـەڵام دەچـوو لـە شـوێنێکی دیکـە هەڵەیەکـی دیکـەی دەکـرد، چـاوت سـپی دەبـوو هەتـا بەڕاسـتی و بـە تـەواوی دەردەهـات.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: دوایی بـە وردەکارییەوە دێمـە سـەر ئـەو باسـە، بزانـە لەگـەڵ بورهـان قانیـع چیمان کـردووە.

ڕامـان: خەڵـک هەبـوون ئیشـی دیزاینیـان کردبـێ؟ تـۆ لـەوێ فێـر بـووی و شـارەزاییت پەیـدا کـرد، یـان هـەر وا خـۆت فێـر بوویـت؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ناوەڵـێ، چونکـە گۆڤارەکـە کـە هاتـە بەردەسـتمان، کۆکردنـەوە و ڕاکێشـانی بـە ڕۆنیـو، یەکێـک هەبـوو دەیکـرد، عەدنـان خەیـات، زۆر زوو ئەمـری خـوای کـرد، ئـەوە ئیشـی بـوو. بـەردەوام جگەرەیـەک بـە دەمییـەوە بـوو، ئـەو ئیشـەی دەکـرد، ئیتـر لەویش نەختێکـم وەرگـرت و لێیـەوە فێـر بـووم. ئـەوەی کـە وا وتـم جێگـری بەڕێوەبـەرە ئوردونییەکـە، کـە سەرپەرشـتیمانی دەکـرد، بـۆ دەرچوونـی گۆڤـاری (وعـي العمـال).

ڕامـان: ئـەو گۆڤـارە، گۆڤارێکـی بەناوبانگ و بڵاو بـوو، دیـارە ئـەوە سـەرەتای کاری ڕۆژنامەوانـی تۆیـە؟

عەبدولقـادر عەلـی مەردان: هۆشـیاریی کرێکاران، بـە ئینگلیـزی بـوو، مـن هـەروا بـە مەزەنـدەی خـۆم بەرگێکـم بـۆ گۆڤـاری وعـي العمـال کـرد،

بۆنەی یەکی ئایار بوو، شتێکی وا بوو، لە بان مێزەکە دامنابوو، ئەو دیتی، وتی ئەوە ئیشی تۆیە؟ وتم بەڵێ. وتی زۆر باشە، وەری گرت و بۆ بەرگی گۆڤارەکە دایبەزاند، ئیتر دوو سێ بەرگم بۆ هۆشیاریی کرێکاران بە ئینگلیزی کرد، ئێستا هەمە وەکوو ئەرشیف نوسخەم هەڵگرتووە.

ڕامان: جگە لە دیزاین، کاری دیکەت دەکرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بێجگە لەوە لێکۆڵینەوەیەکم لە بارەی ئیستەردروود نووسی، یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکاران لە ئیسرائیل، چونکە دایرەکەمان بایەخی بە مەسەلەی کرێکار و یەکێتیی کرێکاران و ئەو شتانە دەدا، من بابەتێکم نووسی، وتم لەوانەیە دایرەکە بیکاتە نامیلکەیەک و چاپی بکات، ئەوە بوو دامە جێگرەکە، کە ئەو ویسام تەڵبەیە بوو، بەڵکوو بیدینێ و بزانێ بۆ بڵاوکردنەوە دەشێ، یان نا؟ ڕۆژێ، دوو ڕۆژ، مانگێک، دیم خەبەری نەبوو، ئیتر من بە دوایدا نەچووم، ئەو مەسەلەی تەسریح بوونەم لە سەربازی بەناوی پێشمەرگایەتی بووە کۆسپێک بۆ من.

ڕامان: تۆ ساڵی ١٩٧٥ چوویتە شاخ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، ئەوە هێشتا سەرەتاکەی بوو، ئیتر لە ١٩٧١ لە ڕاگەیاندن، یان لە ڕۆژنامە و لە ئێزگە، باسی دەستکەوتەکانی ڕێکخەوتننامەی ئازار و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، وتیان ئەوەی دەیەوێ بێت حکوومەت یارمەتی دەدات بۆ نەڵی خەدەمات، منیش نەڵی خەدەماتێکم کرد.

ڕامان: دەتویست لە کوێوە بچیتە کوێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: لە ڕۆشنبیریی کرێکاری، (مؤسسة الثقافة العمالية).

ڕامان: لەوێوە بۆ کوێ چووی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: وەزارەتی ڕاگەیاندن.

ڕامان: بۆ چ بەشێک؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: هەر لە دیوانی وەزارەت فەرمانبەر بووم، دواتر بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی تەنسیب کرام.

ڕامان: ئەوەی لەسەرووی جوندی مەجهوول بوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، لەلای مەسبەح بوو.

ڕامان: ڕاستە، لە مەسبەح بوو، لە سەرووی جوندی مەجهوول، لە تەنیشت ڕێستۆرانتی العش الذهبي.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ڕێستۆرانتی قیڕات، ناوی قیڕات بوو.

ڕامان: هەر ئەو ڕێستۆرانتە بوو کە لە تەنیشتتانەوە بوو، ئیتر نیوەڕۆیان لەگەڵ مام هێمن و زامدار و جەماعەت دەچووینە ئەوێ، خواردنی خۆشی هەبوو، خاوەنەکەی کریستیان بوو، ئێستاش لە بیرمە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بە باوکم وت، باوکم تەکلیفی (نووری شاوەیس)ی کرد، بۆ ئەوەی من نەقڵ بکەن. نووری شاوەیس وتبووی با بێت بۆ لام، ئەوە بوو من چووم بۆ لای.

ڕامان: ئەوکاتە نووری شاوەیس بەرپرسی کوێ بوو؟ یەکێک لە وەزیرەکان بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، دایرەیەک هەبوو، جارێ ئەو بەرپرسی ئەو دایرەیە بوو، هێشتا نەبووبوو بە وەزیر.

ڕامان: لە پاش ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازار، چوار وەزیر لە بەغدا بوون، نافیز جەلال حەوێزی، نووری شاوەیس، سامی عەبدولڕەحمان، د. ئیحسان شێرزاد بوون، دیارە جارێ وەزیر نەبووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، هێشتا

نەبووبـوو بـە وەزیـر، دایرەیـەک بـوو، ئێسـتا دایرەیەکـە نازانـم مـاوە، یـان نـا، لەسـەر ڕووبـاری دیجلـە بـوو، شـەقامی ئەبوونـەواس، دایرەکـە لەوێ بـوو، ئـەو لـە نهۆمـی دوو بـوو، ڕۆیشـتم بـۆ لای، بـەڵام لێپرسـراوە کـوردەکان تـازە خەریـک بـوو لـە بەغـدا قایـم ببـن، چونکـە تـازە هاتبوونـەوە و کەوتبوونـە ئیشـکردن، کارتێکـی بـۆ مورتـەزا سـەعید نووسـی.

ڕامـان: ئەوکاتـە مورتـەزا سـەعید عەبدولباقـی وەزیـری چ بـوو؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئـەو کاتـە وەزیـری ڕۆشـنبیریی و هونـەر بـوو، ئیتـر کارتەکـەی نووسـی بیبـەم بـۆی، خستیبە نـاو زەرفێـک و دای پێـم، بـەڵام گوێزرانەوەکـەم بەبـێ کارت و واسـتە جێبەجـێ بـوو، ئـەوان زوو پەسـەندیان کـرد.

ڕامـان: واتـە نەگەیشـتە ئـەوەی کارتەکەیـان بـۆ ببەیـت، بـۆ ئـەو دایرەیـە گوێزرایتـەوە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، نەگەیشـتم کارتەکـە بـۆ مورتـەزا سـەعید عەبدولباقـی ببـەم، ئێسـتاش کارتەکـە لـە ماڵـێ لەلامـە، کارتێکـی بچکۆلانەیـە.

ڕامان: ساڵی چەند نەقڵی ئەوێ بووی؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: دوا دواییەکانـی سـاڵی ١٩٧٠، سـەرەتای ١٩٧١ بـوو.

ڕامـان: ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـە سـاڵی چەنـد دروسـت بـوو؟ مێژووەکـەی دەزانـی کـەی دروسـت بـوو؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: خـۆی لـە دوای ڕێککەوتنەکـە بـوو، بـەڵام کـە کەوتـە ئیشـکردن، لـە دوای ١٩٧٢ بـوو.

ڕامـان: یەکـەم بەڕێوەبـەری گشـتی ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـە کـێ بـوو؟ هـەر دوکتـۆر ئیحسـان فوئـاد بـوو، یـان پێـش ئـەو کەسـێکی دیکـە بـوو؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: نـا، پێـش ئیحسـان فوئـاد بەڕێوەبەرەکـەی جەمیـل شـەلەش، شـاعیرێکی عـەرەب بـوو، تەڵعـەت نـادر بەڕێوەبـەری ڕاگەیانـدن بـوو، دوای ئـەو ڕەمـزی قـەزاز بـوو، ڕەمـزی قـەزاز ماوەیـەک لـە جێگای بەڕێوەبەری گشـتی دادەنیشـت، یـان هەنـدێ جـار تەڵعـەت نـادر لـە جێـگای بەڕێوەبـەری گشـتی دادەنیشـت و شـوێنەکەیان ئاڵوگـۆڕ دەکـرد.

ڕامـان: ئەوانـە بەڕێوەبـەری گشـتی تـەواو نەبوون، هەموویـان کاتـی بوون؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: نـا، هێشـتا بەڕێوەبـەری گشـتی نەبـوو، یەکێکـی عـەرەب بـوو شـاعیرێکی ناسـراو بـوو، نـاوی جەمیـل شـەلەش بـوو، ماوەیـەک ئیشـی دەکـرد و دەڕۆیشـت.

ڕامـان: کارمەندەکانتـان کـێ بـوون؟ ناوەکانیانـت بەبیـر دێتەوە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: کـە چوومـە (ڕۆشـنبیریی کوردی)یـەوە تـازە خەریکـی هەیکەلە کارگێڕییەکـەی بـوون، کـە ڕۆیشـتم حسـێن عـارف، ڕەئـووف حەسـەن، حەلیمـە بەرزانـی، جەمـال خەزنـەدار، فـاروق ئامێـدی، تەهـا بامەرنـی، موختـار فایـەق، مەحمـوود زامـدار، ئـاواز زەنگەنە، ئەحمـەد جـەزراوی، خەرامـان فوئـاد مەسـتی، بەهنـام ئەلبـازی و مـن و زۆری دیکـە لـەوێ بـوون.

ڕامـان: ئـەی فـەوزی ڕەفیـق حیلمـی، مـن ئەویشـم لـەوێ دەدی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەو دوایی هات.

ڕامان: وردە وردە هەموو هاتن.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، وردە وردە دەهاتـن.

ڕامان: (یاسمین بەرزنجی)ش لەوێ بوو.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: دوایـی هـات، مـن و ئـەو لـە یـەک ژوور کارمـان دەکـرد، زۆر بـوون ئـەو

برا و خوشکانەی کە هاتن.

ڕامان: ئەمانە هەموویان هەر کارمەندی بەغدا بوون؟ فەرمانبەر بوون، هەر لەوێوە دەهاتن، یان لە شارەکانی کوردستانیشەوە دەهاتن؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، لە شارەکانی کوردستانیشەوە دەهاتن.

ڕامان: ئەوانەی کە لە کوردستانەوە هاتن، کێ بوون؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی، ئیعارەی خەدەماتیان پێ دەگوت، بە ئیعارەی خەدەمات هات.

ڕامان: لە شاری سلێمانییەوە هات؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لەوێوە هات، بەڵام نەک وەکوو گوێزانەوە، وەکوو قەرز، ئیعارەی خەدەمات، واتە بە شێوەی کاتی هات.

ڕامان: ئەدی مەحموود زامدار چۆن هاتبوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: مەحموود زامدار، فەرمانبەر بوو، ئەو دامەزرا بوو.

ڕامان: ئەویش هاتە لاتان، کە هاتە ئەوێ، پێشتر لە کوێ بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوە نازانم، پێموایە لە پەروەردەوە هات.

ڕامان: بەڵێ، خۆی دەیگوت لە پەروەردە مامۆستای زمانی کوردی بووە، چونکە دوای ڕێککەوتننامەی ئادار بڕیارێکی وا هەیە کە لەو قوتابخانانەی لە بەغدا و لە شارەکانی باشوور بە عەرەبی دەخوێنن، دەبووایە وانەی زمانی کوردی بخوێنن.

عەبدولقادر عەلی مەردان: هەروەها جەعفەر بەرزنجی، (غازی تەڵووب)ی وێنەگر، سەعید زەنگەنە بوو.

ڕامان: بەڵێ، وێنەگرە سەر سپییەکە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوەی لەگەڵی ئیشی دەکرد شاکر ڕەحۆ بوو، ئەویش وێنەگر بوو، ئەوانە هەموویان کورد بوون.

ڕامان: ئەدی حەمەدەمین هەورامانی کەی هاتە ئەوێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: محەمەدئەمین هەورامانی دواتر کە هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی و دەزگای هاوکاری بوونە یەک، ئەو هات.

ڕامان: دەڵێی دواتر هات، بەڵام ماوەیەک جێگری د. ئیحسان فوئاد بوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لە خۆڵانی بووین ئەو هات، بەڵام وەکوو میوان زۆر کەس بۆ لامان دەهاتن، کە میوانەکان دەهاتن بە ڕۆژ لەو بەڕێوەبەرایەتییە دادەنیشتن، باسی ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەر دەکرا.

ڕامان: لە سەرووی هەموو میوانەکانتان مامۆستا هێمن بوو، ئەو بەردەوام لەوێ بوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، هێمن، کەریم حیسامی، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کەریم زەند بوون، ئەوانە دەهاتن.

ڕامان: شوکور مستەفاش وەک میوان دەهاتە ئەوێ.

عەبدولقادر عەلی مەردان: شوکور مستەفا، مستەفا نەریمان دەهاتن.

ڕامان: ئا، هەموو ئەوانەم لەوێ دیوە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: (حەمە بۆر) یش بوو، وا بوو ئەو ڕۆژە ناومان هاورد. ئەو نووسەرانەی کوردستان هەموویان ڕوویان دەکردە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی.

ڕامان: کە دەهاتینە بەغدا، ئەگەر بە ڕۆژ، کاتی دەوام بووایە، هەموو ڕوومان دەکردە ئەوێ، دەچووینە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی،

ئێوارانیش لە گازینۆ پەرلەمان یەکترمان دەدی، ئەگەر فریا نەکەوتباین کاتێک لە هەولێرەوە، یان لە سلێمانییەوە برادەرێک بچووبا، ئەوە بۆ ئێوارەکەی هەموویان لە قاوەخانەی پەرلەمان بوون، هەموو ئەو برادەرانەمان لەوێ دەدەیت.. باشە حەمید عەزیزیشتان لەگەڵ بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، حەمید عەزیزیش لەگەڵمان بوو.

ڕامان: (گازینۆی پەرلەمان)یش گرنگە، ئەوجا حەمید عەزیز کە ئێستا دوکتۆرە لەگەڵ مەحمود زامدار، عەبدولڕەزاق بیمار، محەمەد تۆفیق وردی، ئەحمەد تاقانە و ئەوانەمان دەدی کە هەموویان لە گۆشەیەک دادەنیشتن، کوردەکان هەموو لە یەک شوێن کۆ دەبوونەوە، تورکمانەکان لەولاوە، عەرەبەکان لەولای دیکە دادەنیشتن. ئەوانەی هونەرمەندی شێوەکار بوون لە کونجێک هەڵدەتروشکان و سکێچیان دەکرد، شوێنێکی زۆر گونجاو بوو، گازینۆیەکی کولتووری بوو، تەنیشت شەقامی موتەنەبی، شوێنی کتێبخانەکانی بەغدا بوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئیتر لەو دایرەیەدا لەگەڵ مەحمود زامدار کەوتینە چالاکی، من کۆمەڵێک کاغەزی ڕەنگاوڕەنگم سەند، کارتۆنی تایبەت بە وێنەکێشان بوو، موختار فایق شیعرێکی (عومەر خەیام)ی هەبوو، ئەوەی دا پێم، ئێستاش هەڵم گرتووە.

ڕامان: شیعرەکە بە کوردی بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بە فارسی و ئینگلیزی بوو، نامیلکەیەکی بچکۆلانە بوو. لە بەشی سەرەوەی ڕەسمی بچووک بچووک بوو، مونەمنەماتی پێ دەڵێن.

ڕامان: ئەوە میناتۆری پێ دەڵێن.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئیتر ئەو وێنانەم گەورە دەکردەوە و لەسەر ئەو کارتۆنانە دام دەنان، مەحمود زامدار خەتی پێم دەدا، ئەو خەتەم لەژێر ئەو وێنانە دەنووسییەوە.

ڕامان: واتە دەستی خەتخۆشیشت هەبوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، خۆشنووس بووم.

ڕامان: بەپێی یاسا و ڕێساکان خۆشنووسیت دەکرد، یان هەر لە خۆتەوە بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: خەتی مەستەڕەی پێ دەڵێن، ئێستا محەمەد زادە مامۆستای ئەو جۆرە خەتەیە، بە شێوەی مەستەڕە خەتم دەکێشا.

ڕامان: زامدار ئەو خەتانەی بۆچی بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوانەمان لەناو دایرەکە، لەناو ژوورەکان بۆ جوانی هەڵدەواسی. ئێستایش دێتەوە بیرم شیعرێکی دا پێم، (ئەز مەست و شەو تاریک پیاڵە لە دەستی من نەکەفت و شکست).

ڕامان: ئەو شیعرە زۆر بە هێز و جوانە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوەم نووسی کە لە شیعری (ئەحمەدی خانی)یە.

ڕامان: تۆ دڵنیای شیعری (ئەحمەدی خانی) بێ ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، چونکە شیعرەکە کرمانجییە.

ڕامان: من گومانم هەیە شیعری خانی بێ.. بە هەرحاڵ دیارە تەنیا ئێوەیان لەو دایرەیە کۆ کردووەتەوە، وەکوو کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەری کورد، بەڵام هیچ ئیشتان نەبووە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵڵا، سەرەتا ئیش هیچ نەبوو.

ڕامان: دوایی بڵاوکراوەیەکتان بەناوی (ڕۆشنبیری

نوێ)وە دەرکرد، بە دە ڕۆژ جارێک دەردەچوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، دوای ئەوە ئێتر لەسەر ئەو بڵاوکراوەیە کەوتینە ئیش کردن.

ڕامان: ئەوە ساڵی چەند دەرچووە؟ چونکە من هەموو ژمارەکانیم هەیە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: لەوانەیە ئەوە ١٩٧٣ بێ، من هەمە یەکەم ژمارەم لە ماڵێ هەیە.

ڕامان: بەڵام (ڕۆشنبیری نوێ) ساڵی ١٩٧٤ دەرچوو، لە ساڵی ١٩٧٥ داخرا.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لە دوا دواییەکانی ساڵی ١٩٧٢، کتێبێک لە بارەی مێژووی هەولێر کەوتە بەردەستم، نووسەرەکەی زوبێر بیلال ئیسماعیل بوو.

ڕامان: ئەوە مێژوونووسێکی گرنگی شاری هەولێرە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: کتێبێکی لەبارەی مێژووی قەڵای هەولێر هەبوو.

ڕامان: ئەو کتێبە تەنیا لە بارەی قەڵاوە نییە، تۆ کتێبی (اربيل في ادوارها التاريخية) دەڵێی.

عەبدولقادر عەلی مەردان: پێموایە ئەو کتێبە بێ.

ڕامان: بەڵێ، ئەو کتێبەیە، ئەو کتێبەی زوبێر بیلال ئیسماعیل لە بارەی هەولێرەوە زۆر گرنگ و بەناوبانگە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئێتر ئەوەم خوێندەوە، بەهۆی ئەو کتێبەوە بیرۆکەیەک بەبیرمدا هات، فیلمێک دەربارەی قەڵای هەولێر ئامادە بکەم، من زانیاریم دەربارەی فیلمەوە نەبوو، بەڵام لە وێنەکێشان و خۆشنووسی باش بووم، بەرنامەیەک لە بارەی ڕۆشنبیریی کوردی لە تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار دەکرا و لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک پەخش دەکرا.

ڕامان: بەڵێ، ئەو بەرنامەیە سەعید زەنگەنە ئیشی تێدا دەکرد.

عەبدولقادر عەلی مەردان: سەعید زەنگەنە نەوەی دوای ئێمە بوو هات.

ڕامان: بیرۆکەکە ئی کێ بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، ئی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، ئەوان کردیان، مەزووعەکەی ڕۆشنبیریی کوردی، حکوومەت کردی، تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆماری دەکرد، پاشان دەیاننارد لە کەرکووک بڵاو دەکرایەوە.

ڕامان: دوایی سەعید زەنگەنەش هات بۆ لاتان؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ.

ڕامان: ئەویش لەوێ فەرمانبەر بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ، سەعید زەنگەنە هات، بەڵام دێتە یادم کە من لە بارەی ئەو قەڵای هەولێرە دەمنووسی، تەعلیق و شتی وام لە کتێبەکان دەردەکرد.

ڕامان: باشە ئەو فیلمە بەڵگەنامەییە بچکۆلەیەی لەسەر قەڵای هەولێر کراوە، بۆچی ناوی تۆی تێدا نەهاتووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئێستا دێمە سەر باسی ئەوە.

ڕامان: ئاخر ئەوە وەکوو مێژوو غەدرە لێت کراوە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا ئەوەم ئامادە کردبوو، بە ڕێکەوت سەعید زەنگەنە هات، ساڵی ١٩٧٠ سەعید زەنگەنەم لەسەر شانۆ دیبوو، هەر لە ڕێککەوتنەکەی یازدەی ئازار ئاهەنگێکیان لە هۆڵی خولد کرد.

ڕامان: بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، شانۆگەری کاوەی ئاسنگەریان پێشکەش کرد.

ڕامان: ئەوە ئاهەنگی نەورۆزەکەیە، دیارە سەعید زەنگەنە دەوری لەو شانۆگەرییەدا هەبووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئیتر لەوێ وەکوو ناسینی شەخسی نا، چونکە سەعید زەنگەنە ماڵیان هەر لە بەرتەکیە بوو، دایکیشیم دیوە، بەڵام لەگەڵ سەعید زەنگەنە بەینم نەبوو، ئیتر کە هات، دەمزانی ئەو لە شانۆ و سینەما و شتی وا کار دەکات، پێم وت بیرۆکەیەکی وام هەیە، وتی دە بیهێنە با بیدینین، من ئەو بیرۆکەیەم خستە پێشی، جاران گۆڤاری ئەلمەورد هەبوو.

ڕامان: بەڵێ، گۆڤاری ئەلمەورد، گۆڤارێکی کەلەپووری قەبارە گەورە بوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەهۆی ئەو گۆڤارەوە ئەو بیرۆکەیەی خۆم دەربارەی هەولێر و شوێنەوارەکانی دەوروپشتی هەولێر دەوڵەمەند کرد.

ڕامان: هیچ بابەتێک لەسەر قەڵای هەولێر لە گۆڤاری (المورد) هەبوو سوودت لێ وەرگرتبێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، زۆر بابەت هەبوون.

ڕامان: تۆ زیاتر سوودت لەو گۆڤارە، یان لە کتێبەکە وەرگرت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: من زیاتر سوودم لە کتێبەکەی زوبێر بیلال ئیسماعیل وەرگرتبوو.

ڕامان: سەرچاوەی سەرەکی تۆ ئەو کتێبە بوو، بەڵام سوودت لە گۆڤاری (ئەلمەورد- المورد)یش کرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، زانیاری باشم بە دەستهێنا و شتێکی باشم نووسی، ئەوجا پێی وتم دە شتێک بۆ بەڕێوەبەر بنووسە، ئەو کاتە د. ئیحسان فوئاد هاتە لامان و بووە بەڕێوەبەری گشتی.

ڕامان: بە ڕەسمی فەرمانی بۆ دەرچوو و کرایە بەڕێوەبەری گشتی ئێوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بووە بەڕێوەبەری گشتی ئێمە.

ڕامان: یەکسەر وەزارەت ئەویان دانا؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ.

ڕامان: ئەوە بە پێشنیاری کێ ئەویان بە بەڕێوەبەری گشتی دانا؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بێگومان شۆڕش داینا، سالح یووسفی لە بەغدا ئەو کاتە زۆر قایم بوو، هەر ئەو لەنێوان شۆڕش و حکوومەتی بەغدا مەرکەز ئیتیسالّ بوو، لە بەغداش دادەنیشت.

ڕامان: سەرپەرشتیی هاوئاهەنگیی لەنێوان شۆڕش و حکوومەتی بەغدا دەکرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئەوە بوو ڕۆژنامەی (التآخي - ئەلتەئاخی)یان دەرکرد کە بارەگاکەی لە عەلوازییە بوو، حەوشێکیان هەبوو.

ڕامان: ئەوە پێش ئەو جێگایەی کە دواتر لە شەقامی ڕەشید بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لە عەلوازیە لای مزگەوتی عادلە خاتوون بوو.

ڕامان: عیوازییەیە، یان عەلوازییە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: خۆی هەندێک پێی دەڵێن عەلوازییە، خۆی وەزیرییە و عیوازییەیە.

ڕامان: دەبێ لەسەر یەک وەزن بێ و من پتر عیوازییەم بیستووە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئیتر ئەلەوێ بوو.

ڕامان: تۆ بابەتەکەی خۆت بە زمانی عەرەبی نووسی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ، ئەو بابەتەم هەر بە عەرەبی نووسی، هەمووی عەرەبی بوو، کتێبەکەی (زوبێر بیلال ئیسماعیل)یش هەر بە زمانی عەرەبییە.

ڕامان: بەڵێ، من ئەو کتێبەم خوێندووەتەوە، کتێبی چاکە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: یاداشتێکم بۆ د. ئیحسان فوئاد نووسی و بردم بۆی و پێم وت شتێکی وا هەیە. وتی زۆر باشە، یاداشتەکەی منی پەسند کرد، ئەوجا یاداشتەکەم دایە دەست سەعید زەنگەنە، بۆ ئەوەی ئیشی تێدا بکا، ئەوەش بۆ مێژوو دەڵێم، وتم مەحموود زامدار لە مەسەلەی دەنگ، دەنگی زۆر لەبارە، با تەعلیقەکە ئەو بیخوێنێتەوە، موختار فایق ئیدارەی ئەو گرووپە بکات، فاروق ئامێدی بەرپرسی دارایی بێ.

ڕامان: ئەو پێشنیارانەت بۆ سەعید زەنگەنە کرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، هەموو ئەوانەم پێ وت، ئەوە ئێستا ژیان بەرەو لێژی دەڕوات، بە ئەمانەت هەموو ئەو شتانەم دەستنیشان کرد، دوای ئەوە چوومە بەرلین بۆ بەشداربوون لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی جیهانی سێیەم، ئەوە بوو کە هاتمەوە ئەو گرفتی پێشمەرگایەتییە هاتە پێشەوە و دەبوو یەکلایی بکەمەوە و ڕەزامەندیی لیژنەی سەلام وەربگرم.

ڕامان: ئەوکاتە کێ بەرپرسی لیژنەی سەلام بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: عوسمان فایق بوو، ئەگەر لەبیرت بێ بۆ لێخۆش بوون لە خزمەتی سەربازی، دەچوون خزمەتی پێشمەرگایەتییان دەهێنا، دواتر دەبوو ڕەزامەندیی لیژنەی سەلام بهێنی، من درەنگ ڕۆیشتم، ماوەکە تەواو بووبوو.

ڕامان: ئەی عوسمان محەمەد فایەق لە ئێزگە چی دەکرد؟ بەرپرسیارێتییەکەی چی بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نازانم، لە ئێزگە بەرپرسێکی گەورە بوو، لە ئیعلام بوو.

ڕامان: دەڵێن ساڵی ١٩٦٨ یەکەم بەیانی بەعسییەکان، ئەو لە ئێزگەی بەغدا خوێندوویەتییەوە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەو سەرۆکی لیژنەی (سەلام)یش بوو.

ڕامان: بەرپرسی لیژنەکە بوو، لە کوێ دادەنیشت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: سەرۆکی لیژنەی ئاشتی بوو، لە کەڕادەی مریەم بوو، شوێنەکەی نزیک کۆشکی کۆماری بوو.

ڕامان: باشە ئەی خوێندنەکەت چی لێ هات؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: خوێندنەکەم هەر ئەوە بوو ئامادەییم تەواو کرد و وەستام.

ڕامان: هەر بە ئێواران ئامادەییت تەواو کرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ، دوای تەواوکردنی ئامادەیی بۆ پەیمانگای زمانەکان داواکاریم پێشکەش کرد کە ئەوکاتە عەلائەددین سەجادی ڕاگری بەشی کوردیی ئەو پەیمانگایە بوو.

ڕامان: هەر تەواو بووی ئیتر پێوەندیت بەوێوە نەما؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵاڵا، کەوتمە سەر ئیش و ژن و منداڵ و نەقڵ و نەقڵکاری، ئەوە بوو ڕۆیشتم بۆ لای عوسمان فایەق پێم وت لەبەر ئەوە هاتووم. وتی نابێ، تۆ درەنگ هاتووی، ماوەکە تەواو بووە.

ڕامان: هەر بە عەرەبی قسەی لەگەڵ کردی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەڕێوەڵاڵا، هەر بە

زمانی عەرەبی لەگەڵم دەدوا.

ڕامان: سەیرە، وەرە تۆ کورد بیت و زمانی کوردی بزانی و لەگەڵ کوردێک بە عەرەبی قسە بکەی.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوە بوو بۆی نەکردم، بۆیە دەبوو بچم سەربازییەکە بکەم، ئەو ئیشانەی خۆم تەسلیمی سەعید زەنگەنە کرد و بۆ سەربازی ڕۆیشتم.

ڕامان: ئەوە کەی بوو بۆت نەکرا؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ بوو.

ڕامان: بەڵام من ساڵی ١٩٧٤ گوێم لێ بوو ئەو فیلمە بە تەعلیقی زامدار لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک پەخش کرا.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئاخر ئێستا دێمە سەر باسی فیلمەکە.

ڕامان: زۆر چاکە، هەمووی بە وردی باس بکە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: کە چوومە سەربازی ئێمە کۆمەڵێک بووین پێیان دەوتن خەریجین، واتە ئەوانەی ئامادەیی، یان کوللیەیان تەواو کردووە، ئێمەیان نارد مەنسوورییەی جەبەل کە لە ڕێی خانەقینە، ناوچەی سدووری پێ دەڵێن، سەدی سدوور، ئاوی لێیە، ناوچەیەکی گەشتوگوزارییە، سەربازگەیەکی گەورەی لێ بوو، پێیان دەوت (معسکر الصدور).

ڕامان: سەدی سدوور؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ، سدوور.

ڕامان: دەبێ بە صاد گۆ بکرێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، چووم بوومە عەسکەر و منیان نارد کەتیبەی مەشقی درووع و نزیکەی پێنج شەش مانگ لەسەر دەبابە لە مەشق بووین. خولەکە تەواو بوویوو، تەواو نەبووبوو، عەسران بە پیادە دەردەچووین، ئاخر لە سەربازی حەزیرە، حەزیرە بوو، یانی هەر پێنج کەسێک گرووپێک بوو، هەر گرووپێک، قصعەیەکیان هەبوو بۆ ئەوەی پێکەوە نان بخۆن، ئیتر من پێنجەمین کەس بووم، لەگەڵ ئەو برادەرانە عەسران بەرەو لای ئاوەکە پیاسەمان دەکرد، ڕۆژێک پیاسەمان دەکرد، یەکێک لە سەربازەکان کوڕێکی نەجەفی بوو، ناوی جەعفەر سادق بوو، حەمید مەرووگی مەسیحی بوو، محەمەد عەلی جاف کورد بوو، بەڵام کوردی نەدەزانی، لە بەغدا گەورە بوو بوو، ئەو بوو، عەلی حسێن و وەلید بوو.

ڕامان: ناوی باوکی وەلید چ بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: وەلید خالید، هاوسێمان بوو، ئیتر پیاسەمان دەکرد، یەکێک لەوانە مەوزووعێکی کردەوە و دەربارەی پێشمەرگە وتی موخەریبن، بە خراپ ناوی بارزانی هێنا، تازە وەزعەکە خەریک بوو گرژ دەبوو، کە مەوزووعەکەی کردەوە، حەقیقەتەن من تەحەموولم نەما، قسەم کرد و لێی هاتمە جواب، دەیوت ئەوانە چییان دەوێ، خۆ ئەوانە وەزیریان هەیە.

ڕامان: بۆ نەگبەتی ئەوان لێیان بوویتە سیاسەتمەدار.

عەبدولقادر عەلی مەردان: وتی حیزبی شیوعی لەگەڵمانن، من وتم حیزبی شیوعی هەڵەیەکی زۆر گەورەی کرد لەگەڵ ئێوە هاتە ناو بەرەی نیشتمانی، وتی پێشمەرگە موخەریبن، منیش دیفاعم لە پێشمەرگە کرد و وتم ئەمانە بۆ مافی میللەتەکەیان شەڕ دەکەن.

ڕامان: دیارە نەختێک کوردایەتیت پێیان فرۆشتووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بۆ یەکێک

لەو پێنج کەسە ناگەڕێتەوە و قسەکان ناکاتە پاپۆرت، تەسلیمی هەواڵگری سەربازیی کەتیبەکەی کرد. ئێمە لە دەورەکە تەواو بووین، چووین بۆ ئیجازەی دە ڕۆژیان دا پێمان، کۆتایی خولەکە بوو، گەڕاینەوە ماڵێ بۆ ئەوەی کە هاتینەوە نەقڵمان بکەن. ڕۆیشتم دە ڕۆژەکەم تەواو کرد، شەو بوو گەڕامەوە، بەیانی هەستاین، جلی مەشقمان لەبەر بوو، ئەفسەرێک ناوی عیزەت بوو، مووسڵاوی بوو، نەقیب بوو، زۆر تۆند بوو.

ڕامان: عیزەت کێ، ناوی باوکی چییە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نازانم، خەڵکی مووسڵ بوو، عەریفێک هات کاغەزێکی پێ بوو دایە دەست ئەفسەرەکە، ئەویش سەیرێکی کرد، ئیتر ئەو نەقیبە ناومی خوێندەوە، لە ڕیز وەستابووین ، منیش دەرچوومە پێشەوە، عەریفەکە ناوی حموود بوو، خەڵکی حیللە بوو، باڵی گرتم، وتی بێ لەگەڵم، ڕۆیشتم، چووینە لای ئەو جێگایەی لێی دەخەوتین، کە بەنگەڵەیەکی گەورە بوو، وتی یەتاغەکەت ببەستە و خۆت بکەرە قیافە، منیش یەتاغەکەم بەستا، تەعەجووبم هات.

ڕامان: یەتاغ مەبەستت نوێنەکانتە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، دوو سێ بەتانی بوو، لەگەڵ سەرینێک و تاخمی ڕێشتاشین، بەستامن و هێنامن و هاتم بۆ بەشی ئیدارە، تەسلیمی بەشی ئیدارەم کردن و منی بردە سجن، سجنەکە جەمەلۆنێکی کۆن بوو، ئی کاتی بریتانیا بوو، تەویلەی ئاژەڵ بوو، کردبوویانە بەندیخانە، دەرگای بەندیخانەکەیان کردەوە و منی خستە ژوورەوە، گوتم خێرە؟ گوتی قیافە لەبەر بکە.

ڕامان: لەبەرکردنی جلی قیافە چۆنە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: کراس و پانتۆڵ و بێریییە بوو، چونکە ئەو جلانەی لەبەرم بوون هی عەرەزات بوون، بەدلەی مەشق بوو، منیش پێڵاوم لە پا بوو، خۆم قیافەم کرد و هات وتی حازری؟ گوتم بەڵێ. دەرچووین کەلەبچەیەکی خستە دەستم، کەلەبچەی ئاسن، وتم خێر؟ وتی وەڵڵا نازانم، نووسراوی پەسمی پێ بوو.

ڕامان: ئەوە ماوەی ڕێککەوتنی ئاداڕە و چوار ساڵی ئاگربەستەکە بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩٧٣ بوو، سەرەتای ئەیلوول بوو، ئەو کاتانە بوو، کەتیبەکە لە دەرگای سەرەکی سەربازگەکە دوور بوو، لە ڕێگا وتی ناتوانم دەستت بکەمەوە، بەینمان لەگەڵ یەکتر زۆر خۆش بوو، عەریفێکی زۆر بەڕێز بوو، خەڵکی حیللە بوو، وتی ناتوانم دەستت بکەمەوە، وتم گرفت نییە قابیلە ڕا بکەم.

ڕامان: دواتر تۆیان بۆ کوێ برد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: چووینە بەعقووبە، دەبینم ئەو شوێنە هەواڵگەری سەربازییە، بردمیە جێگەیەک، جێگەکە هەر زۆر مەترسیدار بوو، لەناو مەعەسکەر دوور بوو، بینایەک بوو دەرگاکەی داخرابوو، چوارگۆشەیەک لەبان دەرگاکە بوو، دای لە قاپی، چوارگۆشەکە کرایەوە، دەموچاوێک دەرکەوت وتی فەرموو؟ ئیتر زەرفەکەی دا پێی، ئێمە لە دەرەوە وەستابووین. ئەو دەرگا بچکۆلانەکەی داخست و ڕۆیی، کە هاتەوە کردییەوە و وتی با بێت، منیان بردە ژوورەوە و دەستمی کردەوە و وتی دانیشە.